# بۆ ڕێزگتنی مافی مرۆڤ لە باشووری کوردستان




ئاسۆ بیارەیی
سوێد 2006-1-27
asso.byari@spray.se

## دکتۆر کەمال بوو بە پەندی دەمکوتکردن و ڕیسواکردنی کلتوری بەعس لە باشووری کوردستاندا

## دکتۆر کەمال بوو بە پەند ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

ئاسانە بۆ مافپەروەرێکی وەکو ئارام موحسین گەردی، لە کانگای دەسەڵاتەوە بە ئاسانی بیانوو بێنیتەوە بۆ ڕفاندن و دەمکوتکردنی قەڵەمە ئازادەکان کە دژی هەموو پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤن لە هەر کوێیبێت.
پێم ناڵێیت! چۆن مرۆڤێک مان لە خوادرن دەگرێت ئەگەر بترسێت، گریمان ترسابێتیش، ئەوەش مافێکی سروشتی هەموو گیانلەبەرێکە نەک تەنها مرۆڤ. بەڵێ ئەو کلتوری بەعسی باش ناسیوە و زیندانەکانی دیوە بۆیە خۆکوشتنی پێ باشبووە تا ڕیسوایی و ناشیرینکردن.

دەبوو جەنابت هەر بە بیستنی هەواڵی ڕفاندن و ئەشکەنجەدانی دەرونی دکتۆر کەمال دەستت لە کاری مافپەروەری هەڵگرتایە، نەك لە بەر دکتۆر کەمال، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی پیرۆزی پیشەکەت وەکو مافپەروەر، بەڵام وێ دەچێت، نەک هەر داکۆکی لە کلتوری نەگریس و فاشستی بەعس دەکەیت لە کوردستاندا، بەڵکو ئەو مافەش دەدیت بەخۆت و ئەوانەی مافی دەسەڵاتیان هەیە کە بەردەوامبن لە دەمشکاندی هەریەکێک لە باشووری کوردستان بلێ لەل. ئاخر سەددامی فاشستیش کە لاوانی کوردی لە سێدارە دەدا، پشتی بەکۆمەڵێک پارێزەر و یاساناسی کاسەلێس دەبەست.

بەڵێ! ڕژێمەکەی سەددامیش بۆ ڕیسواکردنی ئازادیخوازان، پۆل پۆل هەموویانی دەهێنانە سەر تەلەفیزیۆن بۆ پیرۆزیکردنی خۆی و ڕێسواکردنی ئەوان.

زۆر پێم سەیرە کە بەناو مافپەروەریکی وەکو جەنابت، نەتوانێ بێلایەنی خۆی لە کێشەیەکی چارەنووسازدا وەکو کێشەی (کتۆر کەمال)دا بسەلمێنێت و داکۆکی لە ڕەفتارێکی سەردەمی بەعسی داگیرکەر بکات. دەبوو تۆ و زۆر لەوانەی وەکو جەنابت کە پۆستی پارێزەییان پێدراوە، لە هەموو کەس زیاتر مافەکانی تاکی کورد پارێزگاری بکەن.

کەس داکۆکی لە جنێودان و بوختان ناکات. کەمپینی ئازادیخوازان دژی ڕفاندن و بێسەر و شوێنکردنەکە بوون، نەک لەگەڵ جنێوەکانی دکتۆر کەمال. وەکو ووتم دژی کلتووری بەعسن لە کوشتن، بڕین و وونکردنی مرۆڤی کورد لە لایەن دەسەڵاتی سەپاوەی کوردیەوە.

بەڵێ منیش دەڵێم ئەتکردن و وونکردنی مرۆڤێکی کورد لەلایەن دەسەڵاتێکی کوردییەوە، کە بانگی ئازادی دەچڕێت، ڕیسوا بوونە بۆ ئەو دەسەڵاتە و دەبێ پەندێکی مێژوویی لێوەرگرێت.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەوانەی وەکو تۆ کە کوێرانە داکۆکی لە دەسەڵات دەکەن، بە دەردەکەی دکتۆر کەمال نەبن، کە جارێکە لە جاران بازارتان لای دەسەڵات نامێنێت و پەراوێز دەکرێن.

---

تێبینی/ ئەمەش بابەتەکەی کاک ئارام موحسن گەردییە http://kurdistannet.biz/2006/1-2006/27-1/drkemalbubepend.pdf کە لە کوردستاننێت بڵاوبووەتەوە

ئاسۆ بیارەیی
2006-1-25 سوێد

# نا بۆ کلتوری بەعسیزم، بەڵی بۆ ئازادی و دیموکراتی

زۆر کەس بە پەرۆشەوە بوون بۆ بیستنی هەواڵێکی دکتۆر کەمال، یەکێک لەوانە من. خۆشبەختانە بە دەنگی خۆی توانی لەیەکێک لەزیندانە کۆنەکانی سەردەمی رژێمە داگیرکەرەکەی بەعسەوە، لە پایتەختی ئەمرۆی باشووری کوردستان، باسی خۆی بگەێنێتە دونیا. بەڵی! بەداخەوە 15 ساڵ زیاترە هێشتا ئەو زیندانە ترسناک و ئەنگوستانەی رۆژانی ئەو رژێمە فاشستە، لێرە و لەوێ ماون و جێگای دیلکردنی مرۆڤی کوردن لەلایەن دەسەلاتدارانی کوردەوە.

کە دکتۆر کەمال باسی رفاندنەکەی خۆی لە لایەن میلیشای ئەو دەسەلاتەوە کرد، ساڵانی هەشتاکانم کەوتەوە یاد، کاتێک (مولازم موحسین)ی ئەنتی کورد، لاوانی شاری سلێمانی لە گەرمەی خەودا بەوپەری درندەییەوە، راکێشی زیندانەکان دەکرد و تا ماوەیەکی زۆریش کەس سۆراخی نە دەزانین. لە بیرمە دایکێک کە کورەکەیان بردبوو، پڕ بە گەرەک هاواری دەکرد و دەگریا، چەند جاشێک کە لەگەڵ هیزەکەی (مولازم موحسین)دا بوون، پێیان ووت: شێرە شیری چیتە کورەکەت دەیەوێت سەددام بروخێنێت!

مێژووی گەلی کوردی ژێردەستە پرن لە نموونە و کارەساتی تاڵ کە تا سەر ئێسک و لە قولایی دەرونی مرۆڤی کورددا ریشەیان داکوتیوە. دووبارە کردنەوەی هەمان سیناریۆی خوێناوی بە دەستی خودی کورد، نەک هەر پرۆسەی دیموکراتی لە بار دەبات، بەڵکو بزوتنەوەی رزگاری میللەتەکەمان لە ناو چارەنووسێکی هەڵدێر ووندەکات، کە کلتوری کوشت و بڕ و تاکرەوی تیایدا زاڵبێت. ئەنجام ئەو تروسکایە روناکیەی کە ئاسمانی کوردستانی کەمێ رۆشنکردووەتەوە، دەبێتە تاریکستانی نەوەکانی تر.

لێرەوە پێشنیاردەکەم:

- **کە تا زووترە ئەو زیندانەی کە لە سەردەمی سەددامی فاشست بۆ ئەشکەنجدان و لە ناوبردنی گەلی کورد کروان، بروخێنرێن و لە نەخشەی دەزگاکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردستاندا نەمێنن.**
- **ناردنی دادوەر و پۆلیسەکانی باشووری کوردستان بۆ کۆرسی تایبەتی بۆ ئەوەی بۆچۆنی مرۆڤانەیان لا بە هێزبیت و دووربن لە گیانی تۆڵەسەندنەوە و سۆزی بنەماڵە و لایەنگری و تۆڵەسەندنەوە.**
- **بەکارهێنانی رەفتاری مرۆڤدۆستانە کاتێک تاکێکی کورد لە سەر تاوانێک دەگیرێت.**
- **ئاگادارکرنی میدیا هەمەجۆرەکانی کوردستانی باشوور لەو جۆرە پرۆسانەدا.**
- **پاراستنی پیرۆزی سەربەخۆیی و بێلایەنی دادگا لە وەرگرتنی بریارەکانیدا.**
- **پێکەوەنانی کۆمیتەیەکی تایبەتی بۆ چاودێریکردنی دەزگا گرنگانەی دەسەلاتی کوردستان کە کارەکانیان بۆ سوودی هاوولاتیان بەشێوەیەکی دروست ئەنجام بدەن.**
- **تەرخانکردنی بەشێکی میدیای کوردی بۆ کاری هۆشیارکردنەوە و کەمکردنەوەی رەفتاری توند و تیژی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەی کوردی.**

**بۆ دووبارە نەبوونەوەی کێشەیەک وەکو کێشەکەی دکتۆر کەمال، دەبێ هەنگاوی دڵسۆزانە لەو بارەو بنرێت، ئەگینا تاک و کۆمەڵگەی کورد برِوای بە حکومەتی کوردی نامێنێت. ئەوسا بوونی دیموکراتی لە دیکۆر و ووشەی رەق و بێ ناوەرک تێپەرناکات.**

**با هەمووومان پێکەوە بۆ سرینەوەی کلتوری بەعسیزم، لە کۆمەڵگەی کوردی تێبکۆشین!**
**باتێکرا بلێین: نا بۆ کلتوری بەعسیزم، بەڵی بۆ جێگیرکردنی ئازادی و دیموکراتی لە باشووری کوردستان!**

ئاسۆ بیارەیی
2005-12-28  سوید

## سامناکترین بێدەگی  بەرامبەر 30 ساڵ زیندانیکردنی د. کەمال

سەرۆکی هەرێم و پارتیی، وا بۆ دوو مانگ دەچێت هەڵوێستی بێدەنگیان بەرامبەر کێشەی دکتۆر کەمال وەرگرتووە. کێشەکە گەورە نە دەبوو، ئەگەر پارتیی وەکو دەسەلآت بە شێوەیەکی شارەستانیانە و بەئاشکرا ڕەفتاریان بنواندایە. نەک تەنها پارتیی بەڵکو هێز و پارتییەکانی تری کوردستانیش، کە خۆیان بە پەنا و دەمڕاستی جەماوەر دەزانن، قروقپن. زۆر نووسەر و ڕۆشنبیری دیش، کە جاران هەڵۆی ئازادی بوون لە هەندەران، ئێمڕۆش لە سێبەری ئەو پارتییانەدان، بە داخەو  هەمان هەڵوێستیان هەیە، کە دەیانتوانی وانەبن، چونکە مەسەلەی ئازادی پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە.

دکتۆر کەمال بە بێدەنگی و لە دادگایەکی سەرپێیانەدا  30 زیندانی بۆ برایەوە. چۆنییەتی گرتن و داداگایی کردنەکە نەک تەنها زیانبەخشە بۆ چارەنووسی پارتیی، بە ڵکو زەبرێکی خوێناوییە لە پرۆسەی دیموکراتی باشوور کوردستان کە هێشتا لە قۆناغی لە دایک بوونە. داداگایەکی وەها دەسەڵاتی کوردی خستوەتە بەردەم گەورەترین تاقیکرنەوەی هەنووکەیی. ئەمە لە خۆیدا زەنگێکی ترسناکە کە ببێتە دیارەدەیەکی دواڕۆژ کە سەربەخۆیی تاکی کورد زیندە بەچاڵ بکات و لە بازنەی دەسەڵاتی تاکڕەویدا خۆی بناسێنێت.

کارەسات لەوەدایە کە بە پێی کام یاسا د.کتۆر کەمال شایەنی 30 ساڵ زیندانیە؟ نەبوونی وەڵامێکی کۆنکرێت لە لایەن دەسەڵاتی پارتیی لە هەولێر، جەماوەر دەخاتە ناو هەزارەها نشێوی بێئومیدیەوە بەرامبەر بەو دەسەلاتەی کە هەیەتی، بەڵکو گومان دەخزێنیتە ناو بڕوای لایەنگرو ئەندامەکانییەوە. پارتیی وەکو دەسەلآت و بنەماڵە، دەبوو ئەوە بزانێت کە ئەمرۆ لە کوردستانی باشوور و عێراق، سەدەها ئەڵتەرناتیڤ (ئەم نا ئەو) لە بەردەم تاکی کوردا هەیە لە مافی هەڵبژاردنی لایەنی سیاسی. مێژوو گرنگە بۆ هەموو لایەنێک یا پارتییەک، گرنگتر لەوە چۆنیەتی پاراستنی ئەو مێژوویە، نەک سەرکوێرکردنی بە دروشمی بریقەدار و ڕیسواکردنی. ئەمرۆ هۆکارەکانی پێوەندی بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوە ئاسان بووە و ڕۆژانە تاکی کۆمەڵگەکان بەرەوپێش دەچن. بۆیە کۆنترۆڵکردنیان کارێکی زۆر سەختە و دەمکوتکردنیان ئەنجامێکی(نەگەتیڤی) نەرێنی هەیە.

کیشەی دکتۆر کەمال کێشەی هەموو تاکی کوردە، کە دەیەوێت ئازادبێت لە دەربڕینی وویست و بۆچونەکانی، هەرچەندە من لەگەڵ ستركتور و شێوازی ئەو جۆرە نووسینانەدا نیم. ئەوەی گرنگە لای من و خەڵکی تر، شیوازی ڕەفتارکردنە لەم جۆرە کێشانە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە کە خۆی بە چاوساغی دیموکراتی دەزانێت. ئەگەر پارتیی، ناوی پارتی دیکتاتۆریکوردستان بوایە، کەس ورتەی لێوە نەدەهات و چارەنووس دەدرایە دەست خودا.

گوێگرتن و تۆلێرانس بەرامبەر بۆچونی جیاواز، یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، کە باوەش بۆ هەموو بیرورا ئینسانیەکان دەکاتەوە، شێوەیەکی دیموکراتییە کە کێبرکێیەکی ساغ، بۆ پێشبردنی کۆمەڵگە دروست دەکات و دەروازەی ئاسۆیەکی پرشنگدار دەخاتە سەرپشت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

ئاسۆ بیارەیی

2005-12-23 سوێد

## دیموکراتی گەوجە و دادگای چی

لە بەر ئەوەی تا ئێمڕۆ بە دادگاکەی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا کاردەکرێت و هێشتا یاسا سەرپێیەکانی عێراقی شووم باوی ماوە، عێراقێک کە هەشتا ساڵە زیاتر بە زەبروزەنگ پێکەوە نراوە، عێراقێک کە تەنیا مایەی ئەنفالە بۆ کوردان، هیچ سەیرنییە کە لە لای ئەو هیزانەی کە ئیمڕۆ ئەو وولاتەیان پێکهێناوە، بڕوایان بە دیموکراتی نەبێت و ئەو یاساگەلەیان لا پەسەند بێت کە دەسەڵاتەکەیان بپارێزیت.

سەیرنییە کە دەسەڵاتی کوردی، دکتۆر کەمال و هەزارەهای وەکو ئەو، بە بڕیارێکی بنەماڵە، سەرپێیانە بئاخەنێتە نێو زیندانەوە، چونکە بنەماڵە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی وادا، سەروەری سەرۆک لە تێکڕای بنەماڵە پیرۆزترە. لێرەدا سەرۆک شتێکی ڕوحییە و چووەتە خوێنی تاکەکانەوە. جنێودان بە سەرۆک، سوکایەتیکردنە بە پیرۆزییەکانی بنەماڵە. ڕوحی تاکەکان هێندە بەندە بە ڕۆحی سەرۆکەوە، کە ووزەی بیرکردنەوەیان لەبارچووە و ئازادی ئینسانی بوونی خۆیان لە دەستداوە.

کێشەکەی دکتۆر کەمال و داداگای هەولێر، لە بازنەی داخراوی بنەماڵە و سەرۆکی بنەماڵەدا تێپەڕ ناکات. دیموکراتی لە دەروەی یاساکانی بنەماڵەدا، لاڵ و گەوجە. تەنانەت تانەش هەڕەشەیە بۆ سەروەری سەرۆک و بنەماڵە. بنەماڵە و سەرۆک لە یەکتریدا تواونەتەوە. تاکی ئەو جۆرە کۆمەڵگانە، بێجگە لە دەمی سەرۆکەوە، ڕاستی تر بەدی ناکات و خانەکانی مێشکی بە (ناو)ی سەرۆک پڕبوونەتەوە. تەنها ئەوەندە هۆشیاری هەیە، کە پابەندی ووتەکانی سەرۆک بێت. سەرۆک جڵەوی کۆمەڵگە و بنەماڵەی لە دەستدایە. بەڵام کۆمەڵگە بێدەسەلاتە و بێ بڕیارە لە بەردەم سامی سەرۆک.
کەواتە دەتوانرێت بووترێت کە سەرۆک ڕێگرە لە پێشکەوتنی تاکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کە سەرۆکە چارەنووسی بنەماڵە دیاری دەکات. زۆرجاریش بڕیارەکانی بە زیان دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگە و بنەماڵە.

لکاندنەوەی باشوری کوردستان بە خاکی عەرەبەوە، 30 ساڵەی شەڕی براکوژی ، یەک نەگرتنەوەی دوو ئیمارەتەکە، هێرشکردنە سەر بنکەی یەکگرتووی ئیسلامی و تەقەکردن لە لاوانی شاری کەلار، بەرجەستەترین نموونەن، کە سەرۆکی بنەماڵە بڕوای بە دیموکراتییەتێک نییە، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بێت. ئەو کارەساتانە و ئەوانی تر، نیشانەی بڕیاری تاکەڕەوی سەرۆکەکانە و گوێ نەدانە بەبوونی گەل و تاکی کۆمەڵگە.

زۆرکەس کە لە سەردەمی ڕژێمی عۆجەدا زیندانی و ئەشکەنجە دەکران، سیاسی نەبوون، تاوانەکەیان تەنها جنێوێک یا قسەیەکی نەستەق بوو بە سەرۆکی ئومە.

کە دیموکراتی تەنها دروشم بێت و بڕیاری سەرۆک بالابێت، بێگومان یاساکانی دادگاش بەتاڵ دەبن، چونکە کۆڵەکەی دیموکراتی دەنگی ڕەوای تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە. دەسەلاتی دیموکراتی بڕیاری گەلە. سەرۆک لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا تەنها ڕۆلی کاتی ڕابەرانەی هەیە، نەک هەمیشەیی ڕۆحی و پیرۆز.

ئاسۆ بیارەیی
2005-12-22 سوێد

ساتیره نامه

# نامەی دووەمی جۆرج بۆش بۆ سەرانی کورد

To uncle mam Jalal and my big brother Masud !
I really miss you

سڵاوێکی هاوپەیمانانەی گەرم، کە وەک خۆتان دەڵێن بە جوانترین چەپکە گوڵی بەهاری کوردستان ڕازابێتەوە و شەماڵی هاوێنەهەوراکانتان، بەدیاری بۆتانی هێنابێت.

برایانی شاری خەونەکان و پارک ستییەکان!
لە بەر ئەوەی دڵم بەخۆتان و کوردستان دەسوتێت، وا ئەمجارەش نامەکەم بەگلەیی دەست پێدەکەم، ئاخر هاوڕیی باش ئەوەیە کە هاوڕێکەی دەگرێنێت و ماڵی دووکەرت دەکات، نەک پیاهەڵدان و ماستاو.

ئازیزان!
ئێمە و بەنی ئیسرائێل، بۆیە ئێوەمان بەهاوپەیمان دانا، تاکو ئومەی عەرەبی ئیسلامی وورد و خاش بکەن و دووبەرەکی بخەنە ناو خۆیان و دەرونیانەوە. ئێوە نەک هەر ئەوەتان نەکرد، بەڵکو لە جێی ئەوەی دوو ئیمارەتەکەتان بکەنەوە بە یەک، عێراقتان کرد بە زەوی مەحبە و هیوا، هەرچەندە بۆ ئێوە و گەلەکەتان تەنها ئەنفال دەمێنێتەوە.

زۆرم پێیە، هەر ئەمەش نا، ئێوە داوای کەرکوک دەکەن، بەڵام نۆساڵە زیاترە گەڕەکی کوێرە گوندێکتان نەکردووەتەوە بەیەک. لەمەش ناخۆشتر، گەلی کوردتان ڕیسوا و هەژارکردووە، خۆشتان تادێن پان و خڕدەبنەوە، ناهەقم نەبوو ئەوساکە کە بەسەردان هاتن بۆ ئەمریکا ووتم کەمێک وەرزشتان پێویستە.
من زۆر زویرم لێتان، دەزانن بۆ؟ تیڤییەکانتان تەرخان کردووە بۆ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بەڵام بەڕەوای نابینن کەمی باسی ئێمە و جولەکەبکەن. با زاراوەکانی تریش وەکو هەورامی بوەستن، کە لە خەویشدا ناهێڵن کەس باسیان بکات.
ئێوە باسی دیموکراتی دەکەن، بەلام خەڵک چوارسەعات کارەبای هەیە، ئەوەش تەنها بەشی ئەوەدەکات کە چراکانیان پاک بکەنەوە و پری بکەن لە نەوت هەرچەندە ئەویش گرانە.

گەنجانی کوردستان بە پاتەی لاستیکەوە شۆڕشیان بۆ کردن، لێرەشدا ئەوانیشتان بێ بەری کردووە و ناهێڵن هیچ پۆستێک وەرگرن، پێیان دەڵێن بەرەڵا و بێهەست، لەولاشەوە پەرلمانی ئیکسپایەری کوردستانتان کردووە بە تەمەڵ خانە و هاکا هەر پەرلەمانتارێک پێخەفێکی لە گەڵ خۆیدا هێنا.
بهێلن با پێش کۆتایی نامەکەم، ئاماژە بە حەجەکەشتان بکەم، بەڕاستی سەرم سوڕما لێتان، وامزانی لە ڕۆخی دەریا هاتوونەتەوە و خۆتان ووشک دەکەنەوە، نەمزانی سەردانی ماڵی خواشتان کرد و ئەو کرمەشتان کوشت. باسی سەردانی گوڕەکەی ئیمام ناکەم کە تامرد (مەرگ بۆ ئەمریکای) کردبووە دروشمی هەمووان. هیوادارم سنگکوتان شارەکانی کوردستان پڕنەکاتەوە.

من کارەکانی ئێوە و چارەنووستان دەدەمە دەست خوا، بەڵام توخوا کەمێ حوکمەی دکتور کەمال کەمبکەنەوە و دابەشی بکەن بەسەر ئەو کۆنە بەعسی و سەرۆک جاشانەی کە کوردیان کوشت و بڕکرد ، کە بە ئازادی دەسوڕێنەوە.

دووبارە داوادەکەم لێتان، کە زویر نەبن لێم کە بڵێم باکوردستان چوار پارچەبێت، نەک هەزار پارچە،

تا یەکگرتنەوە ماڵی هەموو ئاوابێت.
هاوپەیمانتان جۆرج بۆش
ئەمریکا

This is the way I love you

ئاسۆ بیارەیی
سوێد 2005-1-16

# سی ساڵ زیندانی بۆ دکتۆر کەمال قادر

## 30 år fängelse för Dr. Kemal Said Qader



I den kurdiska regionen i Irak, dömdes författaren dr. Kemal Said Qader, kurdisk och EU s medborgare till 30 års fängelse, med anledning av att han klandrade hårt, i sina artiklar den dominerande party KDP. Och brottet kan betecknas som grov hets mot folkgrupp!

När Qader var på besök i sitt hemland Kurdistan för mer än två månader sedan, blev han bortfört av KDPs underrättelsetjänst ”Parastin” spårlös till okänd plats. I början förnekade KDP Qaders bortförande. Efter påtryckningar från kurder och omvärlden, tvingades KDP att avslöja han position.

Han dömdes till 30 år fängelse av en summarisk domstol i staden Hawler i kurdiska regionen i Irak.. Dr. Qader var utan försvarsadvokat (offentlig försvarare) och han visste ingenting om det. Domen var som en chock till alla som bekymrar sig om yttrandefriheten, dessutom är domen stort bakslag för demokratin i regionen.

Massoud Barzani är första mannen i KDP som delar med PUK styret av den kurdiska regionen av Irak sedan 1991.

De som besökte Dr Kemal i fängelset i staden Hawler, berättar att han utsatts för övervåld och förnedring av fängelse vakter.

I dag höjs många röster för att han ska bli fri och återvända oskadd till sin familj.

Asso Byari
Den 29-12-2005 Tibro – Sweden

---

تێبینی/ ئەم هەواڵە نێردراوە بۆ ڕۆژنامەی میترۆی سوێد

ئاسۆ بیارەیی
سوێد 2006-2-10

# مەریوان هەڵەبجەیی لە دۆزەخی  ئەنفالدا

## زۆر بوون ئەوانەی لە دۆزەخی ئەنفالی تەعریبدا سووتان
## کەمن ئەوانەی وورتەیان لێوەهات و دژی هەستان

لە کۆمەڵگە کۆلێکتیڤەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات،  ئاسیا و شوێنەکانی تری جهیان  تاکەکەس و بۆچونە جیاوازەکانی گەورەترین تاوانن و زۆر جار  مردنی ئەو کەسە دەبێتە دوایین ئەنجام.

کۆمەڵگەی دواکەوتوی کوردی، یەکێکە لەو جۆرە کۆمەڵگانە کە تا ئەمڕۆ  کەسەکان نابێت وێردیان شتێکی تر بدرکێنێت کە لە گەڵ بۆچونی ووتەی سەرۆک هۆز، سەرۆک بنەماڵە، ئاین و داب و نەریتە دواکەوتووەکان کێشە دروست بکات، نموونەی زیندوو **دکتۆر کەمال سەید قادر** کە هێشتا لە زیندانی پارتییدایە **و مەریوان هەڵەبجەیی** کە **بڕیاری ڕاوکردنی لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە بۆ دراوە. سەدەها زانای گەورە لە ئەوروپا پێش 200 ساڵ دووچاری هەمان کۆسپ و کوشتن و ڕاوانان بوون، هێزی کۆمەڵگە بەسەر تاکەکاندا ئەوەند زاڵە کە تاکو تاکاکەکان دەنرێنە گوڕیش وازایان لێناهێنت. دەسەڵاتی کۆمەڵگە دەسەڵاتێکی دێرنە کە کۆی کەڵەکەبووی چەندەها ساڵ ژیانی مرۆڤایەتییە.**

**ئاین یەکێکە لەو هێزە مەزنە کە مرۆڤەکانی بەخۆیەوە گرێداوە. لە کۆمەڵگە کۆلێکتیڤە دواکەوتووەکانی وەکو کۆمەڵگەی کوردی، چوەتە ناو ناخی دەرونی تاکەکەسەکانەوە و خشتەیەکی تایبەتی پڕ لە ئەرک و فەرمانی لە مێشکیاندا داناوە و  لە ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە.**

**ئەو کەسانە کە دژی مەریوان هەڵەبجەیی شمشێریان بۆ کۆشتنی لە هەسان داوە، چەکی دەستی ئەو کومەڵە دواکەوتووەن کە بڕوایان بە هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی نوێ نییە کە لە گەڵ ئەو (جەدوەلەدا)خشتەیەدا کە هەیانە ناگونجێت. ئەو تاکانەی لەو دۆخە دەرونییەی کە تێدا دەژین جێی بەزەیی و دڵدانەوەن، چونکە ناتوانن لەو کۆتو زنجیرەی بۆیان دانراوە ڕزگاریان ببێت. دەروازەکانی مێشکیان، گوێیان و هەست و نەستیان بەشێک لەو یاسایانە پێکدێنیت کە بۆیان دانراوە. کەواتە ئەو کەسانە کوێرە سەربازن و  پرۆگرام کراون و ئاگایان لە دنیای دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیان نیە.**

**نەبوونی زمانی دیالۆگ و تێگەیشتن لە دەروەی ئاینێک، نەریتێکی تایبەتی بە کۆمەلگەیەک کە بە پاشکەوتووترین شێوە دەژی، گەورەترین زیانی دەرونی، ئابوری و مێژویی لەو کۆمەڵگە کۆلەکتیڤە دەدات. چونکە (ئاینێک، نەریت) دەبێتە ڕێگر لە بەردەم گەشەکردنی فرەگەلی کۆمەلگەی ناوبراو. هەڵس و کەوتی تاکەکەس بەشێکی کۆی کۆمەڵگە پێکدێنێت، کە زیندانێکی لە داب و نەریتکیی نەبینراو بۆ خولٚقاندوە و هوشیاری کۆمەڵایەتی لە بار بردوە.**

### چارەنووسی مەریوان هەڵەبجەیی

**کەواتە چارەنووسی مەریوان هەلەبجەیی لە کۆمەڵگەی کۆلەکتیڤی کوردیدا بەردەبارانی مردنە، چونکە بەپێی نۆرم و پیوەرەکانی کۆمەڵگە، کە درێژەی پاشکۆی کۆمەڵگەی جاهلی عەرەبیە، تاک بۆی نییە پیرۆزیەکانی کۆمەڵگە و ناوی ڕابەرەکەی پێشێل بکات. بڤەیە بۆ تاک بیر و بۆچونی خۆی بخاتە بەردەم تاکەکانی تر و لێکۆڵینەوە دژ بسەلمێنێت کە ببێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی ئایین یان داب و نەریت.**

### فاکتەری لاوەکی

**دوورنییە ئەگەر مەریوان هەڵەبجەیی خاوەن پێگەیەکی ئابوری بەهێزبوایە، ئەو کەسانەی کە خوێنی حەڵادەکەن وورتەیان بکرادایە، چونکە کەسانی تر هەن نەک ڕەخنەیان لە ئاین نەگرووتە بەڵکو سوکایەتیشیان بە ئیسلام و بە نەتەوەی عەرەب کردووە،. با ئەوانەی کە لە خۆرا کوێرانە بڕیاری کوشتنی کەسانی وەکو مەریوان هەڵەبجەیی نە دەدەن، بچن بۆچون و کتێبەکانی خەڵکانی تر بخوێننەوە،  ئەوسا جاڕی هەلواسینی بدە. من لێرەدا ئەدرەسی ئەم سایتە دەخەمە بەردمیان با بەراودی بکەن لە گەڵ بۆچونەکانی مەریوان هەڵەبجەییدا<  http://ladeeni.net/pn**

### مەریوان هەڵەبجەیی و سێبەری دەسەڵات

لەبەر ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەیە کە مەریوان هەڵەبجەیی تێدا دەژی، دەبێت ئەو دەسەڵاتە کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری دیموکراتی دەزانێت، نەک تەنها ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی، بەڵکو ئازادی ژیانی هەموو ئەو کەسانە بگرێتە ئەستۆ کە خەمخۆری پرۆسەی ئازادی دەربڕینن لە باشووری کوردستاندا.

## زەنگی هوشیاری بۆ ینک و پارتی

جاڕدانی  ئیسلامی سیاسی بۆ ڕاوکردنی **مەریوان هەڵەبجەیی** باشترین زەنگی هوشیارییە بۆ **ینک و پارتیی** کە ئەمڕۆ باڵادەستن لە باشووری کوردستاندا، کە دەبێت  بە خۆیان بچنەوە، چونکە ڕۆژێک نۆرەی ئەوانیش دێت کە دەبێت دەستبەرداری سەروەریان بن.  با چیتر چەپەکانی باشووری کوردستان و بزوتنەوەی کرێکاران لاواز نەکەن، لێ تەنها ئەوانن پشت و هاوسەنگەریان !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!